ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە ڕۆژووگرتنی ڕۆژی جومعە؟ ووتی: بەڵێ

لە موحەمەدی کوڕی عەبادی کوڕی جەعفەرەوە دەڵێت: «پرسیارم لە جابری کوڕی عبدالله کرد -ڕەزای خوایان لێبێت-، (ووتم): «ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە ڕۆژووگرتنی ڕۆژی جومعە؟ ووتی: بەڵێ». ولە گێڕانەوەیەکدا، (ووتی) : «(بەڵێ)، سوێند بە پەروەردگاری کەعبە.

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

چونکە ڕۆژی جومعە، ڕۆژی جەژنە لە لای مسوڵمانان بۆیە شەریعەت نەهی کردووە لە تایبەتکردنی ئەو ڕۆژە بۆ ڕۆژوو گرتن وشەونوێژ کردن، مەگەر بۆ کەسێک نەبێت ڕۆژێک پێشی لەگەڵی یان ڕۆژێک لە پاشی لەگەڵی بەڕۆژوو بێت لێرەدا دروستە، یان لەو ڕۆژووانە بێت کە کەسێک لەسەری ڕاهاتوو وەکو ڕۆژووگرتنی ڕۆژێک وشکاندنی ڕۆژەکەی پاشتر -ڕۆژووگرتنی نیوەی مانگ یان نیوەی ساڵ-، وهەروەها بۆئەوەیە کە خەڵکی پێیان وا نەبێت کە ڕۆژی جومعە تایبەتکراوە بە پەرستنێک زیاد لەو پەرستنانەی کە واجب کراوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4526